KWR, HR

مافی ژنی کورد
مافی مرۆڤ

# ئـــاگـــــــــــاداری

ڕێکخراوەی مافی ژنی کورد ـ مافی مرۆڤ، لە ساڵی ٢٠٠٦ی زایینی لە دەرەوەی وڵات، بە مەبەستی تێکۆشان لە پێناوی مافی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات پێک هاتووە و لە چەندان وڵاتی جیاوازی ئوروپی چالاکە. ئەم ڕێکخراوەیە تا ئێستا هەموو ساڵێک کۆنگرەکانی لە شوێنی جیاواز گرتووە و ئەمساڵیش، پێنجەمین کۆنگرەی ساڵانەی خۆی لە شاری سولەیمانی، لە کوردستانی باشوور بەڕیوە دەبات. ئەم کۆنگرەیە، لە ڕۆژانی ١٩ و ٢٠ی مانگی ئاوریل بەڕێوە دەچێت و، ڕۆژی یەکەمی ئەم کۆنگرەیە، بۆ باس و وردبوونەوە لە سەر "گەڵاڵەیەکی پێشنیاری" بۆ پلاتفۆرمێکی هاوبەشی ژنانی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، تەرخان کراوە.

ئێمە لەم بڕوایە داین کە دارشتن و ساخبوونەوە لە سەر پلاتفۆرمێکی هاوبەش پێداویستییەکی فرە گرینگە بۆ ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. پلاتفۆرمێک کە وێرای لە بەر چاو گرتنی هەموو جیاوازییەکان، بتوانێ هەمووومان لە دەوری کۆمەڵێ ویست و داخوازی هاوبەشدا، کۆ بکاتەوە و ڕێک بخات. پلاتفۆرمێک کە بتوانێ هێزەکانمان کۆبکاتەوە و ئاجێنداکانمان بخاتە ڕۆژەڤی سیاسی جوڵانەوەی نەتەوەیی. بۆ ئەم مەبەستە، ئێمە وەک ڕێکخراوی مافی ژنی کورد ـ مافی مرۆڤ، گەڵاڵەیەکی پێشنیاریمان ئامادە کردوە کە لەم ڕۆژانەدا ئاراستەی رای گشتی دەکەین. هیوادارین ئەم دەستپێشخەرییە، ڕێگە بۆ باس و هاریکارییەکی کۆیی لە پێناو ساخبوونەوە لە سەر پلاتفۆرمێکی هاوبەش خۆش بکات.

ئێمە داوامان لە هەموو لایەکتان ئەوەیە کە بە خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانە و بە پێشنیارەوە بەرەوپیری ئەم هەنگاوە بێن و بە بەشداری خۆتان لە ڕۆژی یەکەمی کۆنگرەکەمان، لە دەوڵەمەندترکردنی ئەم گەڵاڵەیەدا یارمەتیمان بدەن.

**ڕێکخراوەی مافی ژنی کورد ـ مافی مرۆڤ**

مارسی ٢٠١١

---

بۆ ئاگاداری زیاتر بەم ناوونیشانەی خوارەوە پێوەندیمان لەگەڵ بگرن :

kurd_women@yahoo.com

پرشنگ بلوری: ٠٠٤٤٧٧٦٦٤٠٣٠٠٣

فریشتە گۆلپەروەر: ٠٠٤٧٩٧٦٩٦٠٧٦